# مژدەیەکی خۆش لەلایەن تاڵەبانیو جەعفەرییەوە:

# هێشتنەوەی میلیشیاکانو بڕینی دانی سوتەمەنیو پێداویستییە سەرەتاییەکان! *

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

جبار محسن

دوومەسەلە هەن کە پێویستەو دەبێ ڕسوا بکرێنو لەکار بخرێنو ڕووبەڕوویان بوەستینەوە لە ڕێگەی هەڵخڕاندنو هاندانی جەماوەرەوە لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئارامو خۆشگوزەرانو ئازاددا.

یەکەمیان ڕاگەیاندنی هێشتنەوەی میلیشیاکانە لەلایەن هێزە قەومیو ئیسلامیەکانەوە لە کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوی بەدردا، کە ئەم ڕاگەیاندنەش لەزاری جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ڕاگەیەنرا کە ئێستا پۆستی سەرۆکی عیڕاقو جەعفەریش پۆستی سەرۆکی وەزیرانیان داگیرکردووەو چەند کەسانی تریش..... بیانووی لایەنەکانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا ئەوەیە کە میلیشیاکان ئەتوانن ئاسایش بپارێزنو ئەتوانرێ سوودیان لێ وەربگیرێت لە ڕێگەی تەواوی کەناڵە شەرعییەکانەوە.

دیفاع کردنی ئاشکرای ئەم هێزانە لە بوونی میلیشیای سەربازی دان پیانانێکی ئاشکرایە بە نەبوونی دەوڵەتو قانوونو شەرعیەتی حکومەتەکەیاندا، کە ئێمە پێشتر جەختمان لەسەر ئەکردووە کە هەرگیز شەرعی نییەو ناتوانێت شەرعی بێت. لە هەمان کاتدا دان پیانانە بەوەی ئەو هەڵبژاردنەی سازیان کردو تەپڵی ئەوەیان بۆ لێ ئەدا کە ئارامی و ئاسایش بە شوێن خۆیدا ئەهێنێ بێجگە لە بلقێکی تەقیو هیچی تر نەبوو، لە کاتێکدا ئەوەی کە بڕیار بوو حکومەت لە دوای هەڵبژاردنەکەوە پێکبهاتایە وەك ئەوان پیلانیان بۆ دەکێشاو ناویان لێ دەنا دەوڵەتی دامەزراوەکان، کە کۆمەڵەی نیشتمانی هاوپەیمانیەتی قەومپەرستو ئیسلامیەکانی بە حکومەت ناوزەد کردو دواتریش لەلایەن خودی ئەندامەکانیەوە ناشەرعیەتی ڕاگەیەنرا، تەنها بۆ ڕەسمیەت دان بوو بە تاوانەکانی ئەمریکا لە عێراقو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کێبەرکێی قەومیو تائیفی.

ڕاگەیاندنی پۆخڵانەی دیفاع کردن لە هێشتنەوەی میلیشیاکان ناتوانێت تەنها بەو لێکدانەوەیەی سەرەوە بوەستێت، بەڵکو ئەمە درێژکراوەی هەمان سیاسەتی قوڵکردنەوەی کێشمەکێشی قەومیو تائیفەگەرییە لە کۆمەڵگای عێراقدا. وە هێشتنەوەی ئەم میلیشیایانە ڕێك بۆ پاراستنو هێشتنەوەی ئەم کێبەرکێیەو دابەش کردنی داهاتی دزراوەی کۆمەڵگەی عێراقە. بەبێ بوونی ئەم میلیشیایانە ئەم تاقمانە ناتوانن نفوزی خۆیان بهێڵنەوە. وە بەناوی (پاراستنی ئاسایش) ەوە ئەم هێزانە داوای هێشتنەوەی ئەو میلیشیایانە ئەکەن کە خۆیان فاکتەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆن هەر بەو جۆرەی کە لە لوبنان ڕوویدا. هەر لەو ماوانەی ڕابوردوودا ئەم میلیشیا قەومیانە لە کەرکوكو میلیشیای ئیسلامی لە شارەکانی خواروو دەوریان گێڕاوە لە سەرکوتی ئازادیە سەرەتاییەکاندا بە کوشتو کوشتارو ڕفاندنو خۆش کردنی ئاگری قینەو ڕقی قەومیو تایفەگەرێتی. هەر ئەم میلیشیایانەش بوون کە دەوری یەکلا کەرەوەیان گێڕا لە بەزۆر وەرگرتنی دەنگی خەڵکدا بۆ لیستی هەڵبژاردنەکانی خۆیان. ئیتر چۆن تاڵەبانیو جەعفەریو حەکیم داکۆکی لە هێشتنەوەی ئەم میلیشیایانە ناکەن کە بەپارەی کۆماری ئیسلامی و پارەی دزراوی داهاتی خەڵکی عێراق بەڕێوە دەبرێن؟!

بەڵام مەسەلەی دووەم ڕاگەیاندنی ووتە بێژی ڕەسمی جەعفەریە بە نەهێشتنی پێدانی مەوادی خۆراکیو سوتەمەنی بە خەڵك. لە دوا لێکدانەوەدا ئەمە ناوەرۆکی ئەو دیموکراتیەیە کە ئەمریکا لە پاڵ تیرۆریزمی خۆیو ڕاوەستانەوەی بەرامبەر هەر هێزێکی موخالفیدا، موژدەی بەدیهاتنی دەدا چونکە نەهێشتنی کۆمەکی پێداویستی خۆراکی سەرەتاییو سووتەمەنی یەکێکە لە مەرجەکانی کرانەوەی میکانیزمەکانی دامەزراندنی ئابوریو بازاڕی ئازاد. درەنگ یان زوو ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی ئەم کۆمەکە لەلایەن ئەوانەی کە ئەمریکا دایناون مەسەلەیەکی حەتمییە. بەڵام سەپاندنی بەسەر خەڵکدا دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی هێز. ئەم ڕاگەیاندنەش لە کاتێکدایە کە نەبوونی هیچ ئەمنییەتێك وای لە جەماوەر کردووە بیر لەوە نەکاتەوە کە لە چواردەوەری چی

ڕوودەدا تا بەمجۆرە بەر بە گرێ ڕقو تووڕەیی خەڵك بگرن كە ئەم حكومەتەو ئەوانەی لە پشتیشیەوەن هەڵدەپێچێ. لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی ئەم تاقمە بە كرێگیراوو شكڵێیانەوە كە لەلایەن ئەمریكاوە ناویان لێ نراوە حكومەت مردنی خەڵك لەڕێ ێ تیرۆرەوە كافی نییە بەڵكو دەبێ لە برسیشا بمرن لە ڕێی بڕینی خۆراك و سووتەمەنیەوە.

گرێدانی ئەم دوو مەسەلەیە واتە هێشتنەوەی ئەم میلیشیا قەومیو تائیفیانە و هەڵوەشانەوەی كۆمەكی سووتەمەنیو مەوادی خۆراكی لە هەمان كاتدا بەئەوەمان ئەگەیەنێت كە ئەم میلیشیایانە لەسەر ئەم پارە دزراوانەی جەماوەر ئەژین و لێرەوە خەرجی كارە تیرۆریستیەكانیانو سەپاندنی ملهوڕیان و نقوم كردنی كۆمەڵگە لە ناو شەڕی ناوخۆدا لەم پارانە دەردەهێنن بۆ پاراستنی بەشیان لە دەسەڵاتو دابەش كردنی سەروەتی كۆمەڵگەدا. هەر بۆیە ئەو بەهایەی لە بڕینی مەوادی خۆراكیو سووتەمەنی دەردەكێشرێت، ئەچێتە ئاشی بەردەوامی میلیشیاكانەوە.

2006/06/20

---

ئەم بابەتە لە نووسینی سەمیر عادلە كە لە بڵاوكراوەی (الی الامام) ژمارە 39 ی 2006/06/16 بڵاوكراوەتەوە.

http://www.wpiraq.net/arabic/alamam/index.htm